تۆڕێکی حزبی بەعسی قەدەغەکراو لە ئەنبار دەستگیرکرا

ئەمڕۆ پێنجشەممە، دەستەی حەشدی شەعبی، دەستگیرکردنی تۆڕێکی 8 کەسی کە لە سەرکردەو ئەندامانی حزبی بەعسی قەدەغەکراو پێکهاتبوو راگەیاند.

دەستەکە لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە: بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی فەرماندەی باڵای دەستەی حەشدی شەعبی و بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، هێزێك لە یاریدەدەری هەواڵگری و زانیاری لە دەستەی حەشدی شەعبی ئۆپەراسیۆنێکی گرنگیان لە پارێزگای ئەنبار ئەنجامدا، و تۆڕێکی 8 کەسی لە سەرکردەو ئەندامی چالاکی حزبی بەعسی قەدەغەکراویان دەستگیرکرد.

ئاماژە بەوەشکراوە: ئۆپەراسیۆنەکە بە پاڵپشتی مەفرەزەکانی ئۆپەراسیۆنی دەستەی حەشدی شەعبی (خۆرهەڵاتی ئەنبار- خۆرئاوای ئەنبار - ئەنبار) و فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنبار و جەزیرە و بادیە لە سوپای عێراق ئەنجامدراوە.

ئاشکراشیکرد: هێزەکە دەستیان بەسەر چەك و کۆمپیوتەر و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و بەڵگەنامەیەکدا گرتووە کە پەیوەندی و چالاکییەکانیان لەگەڵ ڕێکخراوە قەدەغەکراوەکەدا پشتڕاستکردووەتەوە.